سەرۆك وەزیران سەرکایەتی دووەمین کەبوونەوەی ئەنجومەنی کارگێڕی سندوقی عێراق بە گەشەپێدان دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە محەممەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرپەرشتی دووەمین کەبوونەوەی ئەنجومەنی کارگێڕی سندوقی عێراق بە گەشەپێدانی کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- محەممەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرپەرشتی کەبوونەوەی ئەنجومەنی کارگێڕی سندوقی عێراق بە گەشەپێدانی کرد، کە دووەم کەبوونەوەیە لە ماوەی مانگێکدا بە گفتوگۆکردن لەسەر دەرفەتەکانی وەبەرهێنان بە دروستکردنی بینای قوتابخانەکان لە پایتەخت و باقی پارێزگارەکان،ئەم دەسپێ گرنگییەکی گەورەی هەیە لەلای حکومەت و ئەولەویەتەکانی بەرنامەکەی، کە پێویستی بە خێراکردنی جێبەجێکردنی هەیە .

هەروەها ووتیشی :لە کەبوونەوەکەدا کە وەزیری پەروەردە ئامادەی بوو، شایەتحاڵی گفتوگۆکردن بوو لەسەر ستاندارد یاسایی و تەکنیکییەکانی واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ وەبەرهێنەران، کە بریتین لە دیاریکەرەکانی دیزاینە ئەندازیارییەکان و پێویستی ئەوەی لەگەڵ کشوهەوای عێراقدا بگونجێت و لەگەڵ کشوهەوای ژینگەییدا بگونجێت،جێبەجێکردنی پەداویستییە ژینگەییەکان جگە لە ستاندارد تەلارسازی و جوانکارییەکان،تایبەتمەندییەکانی بینا،کاتی تەواوکردن، ئەولەویەتەکانی جێبەجێکردن، بەپێی پەداویستییەکان و باشترین دابەشکردنی جوگرافی .